# ئیسلامی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا ... جۆن ئەسپۆزسیتۆ مامۆستای ئایین و پەیوەندیی نێودەوڵەتی

## زانكۆ/ جۆرج تاون ... و: عەبدولقادر عەلی

بەشی یەكەم

لەم باسەدا قسەو باس لەسەر رۆڵی ئیسلامی سیاسی و ئەو باس و خواسانەی كە سەبارەت بە رۆڵی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكی لەبارەی ئیسلامی سیاسییەوە دەكرێت دەهێنینە ئاراوە، دەبینین كە هەڵوێستەكانی جیاجیان و یەكدەنگ نین، بۆ نمونە هەڵوێستی تاكەكەسی هەریەكە لە (برنادر لویس، دانیال بایبس، جودس میللر، مارتن كریمر، ئیفۆن حداد، جیمس بیسكاتۆری، جۆن فۆل) و... هتد دەرژێتە ناو ئەو خانەیەی كە پرسیار دەكات ئایا ئیسلامی میانەڕەو هەیە؟! ئایا ئیسلامی میانەڕەو لە سیاسەتی دەرەوەی رۆژئاوا بە گشتی و ئەمریكا بەتایبەت هیچ واتایەكی هەیە؟! چونكە ئەم پرسیارانە لە هەریەكە لە بەریتانیا و فەرەنسا بە شێوازی جیاجیا دەخرێنە بەرباس.

لەوانەیە ئەو ئاگاداركردنەوەیەی (ولیام كلاس) ی ئەمینداری پێشووی هاوپەیمانیەتی ناتۆمان بەرچاو كەوتبێت كە دەڵێت: مەترسیی ئیسلامی سیاسی شوێن و جێگای مەترسی شیوعیەتی گرتۆتەوە و لە هەمان كاتدا كۆنگرەی جولەكە ئەمریكییەكان كە بریار بوو لەبارەی موقاتەعەی عەرەبەوە بێت بۆ جولەكە گۆڕدرا بە باسی مەترسیی ئوسوڵگەرایی جیهانی ئیسلامی باس و خواسی دیموكراسی بە جیهانی ئیسلامیدا، بە هەمان جۆر باسێكی گرێدراوی ئەم باسەی ئێمەیە، هەروەها دەبێت باس و خواسی سیاسەتی دەرەوەی هێزە رۆژئاواییەكان سەبارەت بە دیاردەی ئیسلامی سیاسی بكەین.

ئێمە كاتێك باس لە ئیسلامی سیاسی دەكەین، ئەوا لە واقیعدا باس لەوە دەكەین كە دەكرێت ناوی بنێین دۆزینەوەی ئیسلام لە سیاسەتی ئیسلامی هاوچەرخدا، دیارە كە ئەمەش زیاد لە (25) ساڵی پێش ئێستاوە هاتۆتە ئاراوە، لە راستیدا سەرهەڵدانی دیاردەی ئیسلامی سیاسی وەك دەرەنجامێكی ئاسایی دیاردەیەكی لەخۆی گەورەتر هاتۆتە پێش، لە زۆربەی جیهانی ئیسلامیدا جۆرێك گەڕانەوە بۆ ئیسلام و زیندووكردنەوەی ئیسلام لە ژیانی تاك و كۆدا دەستی پێكرد، لەوكاتەوە موسوڵمانەكان كەوتنە بایەخپێدانی زیاتری بەها ئیسلامییەكان و پۆشاكی شەرعی (حجاب) و جێبەجێكردنی پەرستشەكانی وەك رۆژوو، بەڵام زۆرینە زۆری توێژەر و سیاسەتمەدارانی رۆژئاوا ئەمە بە گەشەكردنێكی بەخەیاڵدا نەهاتوو دەبینن و وای دەبینن كە سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی شتێكی لەپڕ و لەناكاو بووە و پێشەكییەكی لەمێژینەی نییە، میدیاكانی رۆژئاوا رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە سادە نیشاندانی باسەكە و لەخشتەبردنی بیری رۆژئاوا و ئەمریكی سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی بەوەی كە تایتڵە سەرەكییەكان و مانشێتەكانی تەرخان كردبوو بۆ شۆڕشی گەلانی ئێران و فراندنی فرۆكە و هەواڵەكانی (موعەمەر قەزافی) و (عومەر عەبدولڕەحمان) و... هتد و زۆرێك لە ئەمریكییەكان و سیاسەتمەدارانی رۆژئاوا دیاردەی ئیسلامی سیاسی بەلایانەوە گرانە و بە ئاسانی لێی تێناگەن، بیردۆزی پەرەپێدانی سیاسی ـ جیهانی ئیسلامی كە رۆژئاوا بۆ راڤەكردنی ئەم دیاردەیە هەڵگر و ئالابەدەستی بوو دووچاری شكست هات، چونكە نەیتوانی راڤەیەكی دروستی زیندووبوونەوەی ئاین بكات نەك بە تەنها لە جیهانی ئیسلامیدا، بەڵكو لە گشت ولاتانی دنیا پێشبینییەكانی راست دەرنەچوو، بیردۆزی پەرەپێدانی سیاسی بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە ولاتانی جیهانی سێ ـ كە جیهانی ئیسلامیشی لەخۆ دەگرت ـ لە دوای سەردەمی ئیستیعمارەوە راست و رەوان دەكەونە لاساییكردنەوەی رۆژئاوا و دەبنە شوێنكەوتەی فیكری سیاسی، نمونەی رۆژئاوا و لاسایی ئەوان دەكەنەوە و وردە وردە بەرەو عەلمانیەت مل دەنێن، تا سەردەمێكی كەمی پێش ئێستا، ئەوا لەلای ئەوان ئیسلامی سیاسی نەبۆتە جێگای باس و لێكۆڵینەوەی

سیاسییان، بەڵکو زۆر توێژەرەوەش هێندە ئاوڕیان بەلای ئەم باسەدا نەداوەتەوە و بە جددییان نەگرتبوو.

هاوڕێیەتی خۆمم بیر کەوتەوە کە لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەمریکا وانەی دکتۆرای دەوتەوە و پسپۆڕی بواری (ئێراناسی) بوو، کەچی هیچ بایەخی بە مەسەلەی ئیسلامی سیاسی نەدەدا، بەڵام ئەو دەمە کە جیهان بە شۆڕشی گەلان گوێی زرنگایەوە، ئەوسا رۆڵی ئاینیان لە پەیوەندییە سیاسییەکاندا بۆ دەرکەوت، ئەمەش بۆ رۆژئاوا شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو. وێنەی ئیسلامی سیاسی لە رۆژئاوادا لە گۆشەنیگای ئەو تایتڵ و مانشێتە وروژێنەرانەدا دەخرێتە روو، کە میدیاکان دوابەدوای رووداوەکانی جیهان دایدەڕێژن کەسی ئەمریکی ئاسایی و بگرە بڕیار بەدەستانی رۆژئاوا ئەوا وێنای ئیسلام و موسوڵمانانیان لە دەرەنجامی خوێندنەوەی ئەو هەواڵانەی کە باس لە گرتنی بارمتە و فڕاندنی فڕۆکە و کوشتنی (ئەنوەر سادات) کە کەسی موسوڵمان ئەنجامی دەدات، یان تەقاندنەوەی ئاپارتمان وێنا دەکات.

لە هەشتاکاندا (رۆناڵد رێگن) هەریەکە لە (خومەینی) و ئیسلامی ئوسوڵی خستە پاڵ یەك و بە ئیمپراتۆریەتی شەیتان ناوی دەبردن.

ئەو شەوەی ئەمریکا لیبیای دایە بەر موشەك، (ریگن) وتی: مەبەست لەم کوتانە، دەرس دادانی سەرجەم بزاڤە ئوسوڵییەکانی دنیایە، نەك بە تەنیا قەزافی خۆی. پاش چەند ساڵێك (دان کوێڵ) جێگری سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە گوتارێکی ئاراستەکراوی ئەکادیمیای دەریاوانی ئەمریکادا وتی: ئەرکمان پاراستنی ئەمریکایە لەو مەترسییانەی کە روبەڕووی دەبنەوە.

ئەمریکا نایەوێت جارێکی تر خۆی بخاتە بەردەم مەترسیی ئوسوڵگەرایی هەروەك پێشتر خۆی خستە بەردەم مەترسیی شیوعیەت و نازیەت، لە راستیدا ئەم وێناکردنە پێویستی بە راستکردنەوە هەیە، چونکە هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو هۆکارانەی بوونە سەرچاوەی ئەو وێناکردنە زۆربەی لە هەشتاکاندا سەری هەڵدا، لەوانە شۆڕشی گەلانی ئێران کە خۆی مەترسی ناردنە دەرەوە و چاولێکردنی بەرچاو گرتبوو، پاشان کوشتنی ئەنوەر سادات و دواتر چەندین تەقینەوەی جۆراوجۆر لە سعودیە و کوێت و بەحرێن، لەگەڵ ئەمەدا ئەو ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوانەی یەك بەدوای یەکی رۆژئاوا سەبارەت بە ئەگەری رووخانی چەند وڵاتێکی هاوڕێ و دۆستی رۆژئاوا کە پیر و کەنەفت بوبوون، ترسی بەدەمەوەچوونی بانگەشەی (خومەینی) ش لەئارادا بوو.

لەراستیدا مەترسیی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئێران بۆ وڵاتانی ئیسلامی ئێستاش هەر لە ئارادایە، ترسی ئێران عەقڵی ئەمریکای داگیر کردووە، هەروەك بە پێچەوانەشەوە ترسی ئەمریکا ئێرانی داگیر کردووە، سەرەڕای ئەوانە ئەو شۆڕشگیری و توندتیژییەی ئیسلامی ئوسوڵی لەپڕێکدا بوو بە شتێکی دامەزراوەیی و، رێکخراوە ئیسلامییەکان لەناو کۆمەڵگادا خەریکی کاری رێکخراوەیی بەرچاون، چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی سودمەند بەرپا دەکەن، بزاڤی ئیسلامی کاری ژێرزەمینیی خۆی لەژێر زەمیندا هێناوەتە دەرەوە و لە گۆڕەپانی ژیندا بە ئاشکرا کار دەکەن. ئیسلامییەکان توانییان نەخۆشخانە و قوتابخانە و بنکەی چاودێریی منداڵان و پرۆگرامی کۆمەڵایەتی پەرە پێ بدەن و گۆڕانکاریی گەورەی بزاڤی ئیسلامی ئاراستەکردن و گۆڕانی سیاسی بوو، ئەو دەمە لە هەندێ وڵاتدا رێ دەدرا بەوەی کە وەك تاکەکەس یان پارتی سیاسی بەشداریی دیاریکراو بکەن، ئەوا ئەمان وەك کۆمەڵی توانییان سەرکردایەتیی ئۆپۆزسیۆن بگرنە دەست.

ئەگەر لەمە ورد بینەوە، لەوانەیە هەندێك بڵێن کە ئەم گۆڕانکارییە کە بەسەر چالاکیی بزاڤی ئیسلامیدا هاتووە، لەلای ئەمریکا پەسەندە و جێگای رزامەندییە.

چونكە ئیتر هیچ دوژمنێكی نەما، بەڵام بەشداریكردنی ئیسلامییەكان لە دەسەڵاتدا ئەو تێڕوانینە هەڵەیەی گۆڕی، بەشداریكردن و سەركەوتنی بە پلەیەكی باش وای كرد كە بزاڤە ئیسلامییەكان مەترسییەكی دووسەرە بن، ئەم بزاڤانە بوونە مەترسی بۆ دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامی یان زۆرینەی زۆریان، چونكە ئەگەر ئیسلامییەكان لە بواری خزمەتگوزاریی كۆمەڵایەتیدا بەدیل و ئەلتەرناتیڤ پێشكەش بكەن، ئەوا بەهۆی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشكەشی دەكەن پاشماوەی دەسەڵات دەخەنە مەترسییەوە، لەبەرئەوەی ئەوە نیشانی خەڵكی دەدەن كە دەسەڵاتداران توانای بەدەمەوەچوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەكانیشیان نییە، ئەمەش لە هەردوو وڵاتی میسر و جەزائیر بە روونی بەرچاو كەوت لە كاتی بوومەلەرەزەكەی میسردا ئیسلامییەكان یەكەمین كەس بوون كە لەنێو ئاپۆرای خەڵكییەوە یارمەتی و فریاگوزارییان گەیاندە لێقەوماوانی بوومەلەرزەكە، هەر ئەم بەدەمەوەچوونە گەرمەش حكومەتی میسری ترساند و كەوتە هەوڵی دوورخستنەوەی ئیسلامییەكان لە هەر كارێكی خۆبەخش و فریاگوزاریدا لە ساتەوەختی روودانی هەر رووداوێكی سروشتی و مرۆییدا، هەرچەندە ئەوەش ئاشكرایە كە حكومەت لەم جۆرە كارانەدا سستە و درەنگ دەگاتە هانای لێقەوماوان، بەڵام حكومەتی میسر ئەوەی لەیاد نەكرد كە بۆ جارێكی تر خێرا سوپا و پۆلیس رەوانەی ناوچە زیانلێكەوتووەكان بكات تا چواردەوری بگرن و رێگە نەدەن كەس بچێت بەدەم زیانلێكەوتووانەوە.
هەڕەشە و مەترسیی دووەم كە لە بەشداریی ئیسلامییەكان لە دەسەڵاتدا دەخوێنرێتەوە، بریتییە لە دروستكردنی مەترسی لەسەر بەرژەوەندیی رۆژئاوا، رۆژئاوا دەترسێت كە ئەم بزاڤە ئیسلامییانە ببنە ئەلتەرناتیڤی حكومەتە تەقلیدییەكانی ناوچەكە، هەروەك بە گومانە لە مامەڵە و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ سەرجەم بزاڤە ئیسلامییەكانی تردا، ئەگەر چوونە سەركورسیی دەسەڵات، هەروەك چۆن مامەڵە و هاوكاری لەگەڵ سیستمی دەسەڵاتداری ئێستادا دەكات.
رۆژئاوا پێی باشە سیستمە دەسەڵاتدارە هاوپەیمانەكانی ئێستا درێژە بە دەسەڵات بدەن.
لە نەوەدەكاندا لەجیاتی ئەوەی دیالۆگ لەسەر مامەڵەكردن لەگەڵ ئیسلامییە میانەڕەوەكاندا بكرێت، كەچی بینیمان دەستەیەكی زۆر پێچەوانەكەیان پێ باش بوو و ئیسلامی میانەڕەویان بە مەترسی دادەنا.
حكومەت و دەسەڵاتدارانی ئێستا هەست بە مەترسیی ئەوە دەكەن كە ئیسلامییەكان جی پێیان لێژ دەكەن و مەترسییان لەسەر دروست دەكەن، هەروەك نوخبەی دەسەڵاتدارانی ناوچەكەش هەروا بیر دەكەنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئیسلامییەكان نوخبەیەكی ئەلتەرناتیڤیان هەیە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی كە زۆر حكومەتی رۆژئاواییش بڕوایان بەوە نییە كە ئەگەر ئیسلامییەكان جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست چی روودەدات، لە راستیدا هەریەكە لە حكومەتەكانی رۆژئاوا ناتوانن جیاوازی بكەن لە نێوان ئیسلامی سیاسی و ئوسوڵگەرایی توندڕەودا، پێیان وایە ئیسلامی سیاسی هەر ئوسوڵیەتی توندڕەوە بەس لە نەفەسێكی تردا و، پێیان وایە پێكەوە گرێدانی ئیسلام و سیاسەت خۆی لەخۆیدا گرفتە، ئیتر ئەمانیش بەم هەڵوێستەیان هەمان هەڵە دەكەن و، من ناویان دەنێم ئوسوڵی عەلمانی و (عەلمانیی ئوسوڵی توندڕەو) و (عەلمانیی توندڕەو) .
لە نەوەدەكاندا قسە و باسی ئەوە هاتە پێشەوە كە قسەكردن لەبارەی ئیسلامەوە دەبێتە مایەی دروستكردنی مەترسیی رۆشنبیری و دیمۆگرافیی رۆژئاوا، ئەم رەوتەش لە نووسینەكانی (هانتنگتۆن) لە (بەیەكدادانی ژیارەكان) و كتێبەكانی (برناد لویس و دانیال بایبس) دا بەرچاو و دیارە، وەك ئاماژەیەك بە بوونی مەترسیی بزاڤە ئیسلامییەكان بۆ سەر رۆژئاوا، پەنجە ئاراستەی لوبنان و ئێران دەكەن، هەروەك دەگەڕێنەوە بۆ مێژوو بۆ (14) سەدەی پێش ئێستا و ئاماژە بە (جیهاد) دەكەن. بێگومان ئەوان لەم گەڕانەوەیاندا باس لەوە ناكەن كێ (جیهاد) ی دژ بە كێ كردووە، كێش دەستپێشخەریی

دوژمنکاری بووە.. هەر تەنها بە ئەوەی کە دەڵێن (14) سەدە جیهادکردن و، هەر بەوەندەی کە ئەم دەستەواژەیان بەرچاو دەکەوێت، ئەوا ئەو بیرۆکەیان لەلا گەڵا دەبێت کە جیهادکردن لە موسوڵمانانەوە دەستی پێکردووە و لە میانەی (14) سەدەی رابردوودا موسوڵمانان دەستپێشخەری هەڕەشە و مەترسی بوون و رۆژئاواش بەردەوام لە سەنگەری بەرگریدا بووە، ئەم قسەیەش بێ بناغەیە و راستیی تێدا نییە.

هەندێك رۆژئاوایی سەبارەت بە بەیەکدادانی رۆشنبیری لە نێوان ئیسلام و رۆژئاوادا هەمان قسەی پێشوو دووبارە دەکەنەوە و دەڵێن هەروەك دوێنێ رۆشنبیریمان لەگەڵ ئیسلامدا لە بەیەکداداندا بووە، ئەوا ئەمڕۆ و سبەینێ و ئایندەشمان هەروا دەبێت.

هەندێکی تر ئەو قسەیە بڵاو دەکەنەوە کە دەڵێن رۆشنبیریی رۆژئاوا لەسەر بناغەی دیموکراتیەت و نوێگەری بەندە، ئەوا لەگەڵ ئیسلام لە بەیەکداداندایە، بۆ پاساوی ئەم قسەیەش ئاماژە بە نووسەری بەریتانی (سەلمان روشدی) دەکەن.

لەبارەی هەڕەشەی مەترسیی دانیشتووان و دیموگرافیاوە، ئەوا زۆر لێکۆڵەر ئاماژەیان پێ کردووە، لە بەناوبانگترینیان (بۆکنان)ـە، کە دەڵێت: (رابوونی ئیسلامی دەتوانێت رۆژئاوا تێپەڕێنێت) و، باس لەوە دەکات کە ئەو دەمەی ئێران و لوبنان و رۆژئاوا دوچاری دوژمنایەتییەکی بەهێز دەبن، ئەوا موسوڵمانانی رۆژئاواش بە میکانیزمی خۆیان پشتگیرییان لێ دەکەن، ئیتر (بۆکنان) هەڵوێستی خۆی دەخاتە پاڵ هەڵوێستی ئەوانەی دژ بە (دیاریکردنی وەچە ـ تحدید نسل) و دژ بە (مافی لەباربردن ـ حق الاجهاچ) ن، دەڵێت: (پزیشکە تورکەکانی ئەڵمانیان شەوانە تا درەنگ خەریکی لەباربردنی کۆرپەلەی ژنە ئەڵمانییەکانن، کەچی خۆشیان خاوەنی ماڵ و منداڵی زۆرن)، ئیتر ئەڵمانییە عەلمانییەکان بۆ خۆیان بە دەستی خۆیان پارە دەدەنە دەست دکتۆرە تورکەکان تا منداڵیان نەبێت، کەچی دکتۆرەکان خۆیان ئەوە بۆ خۆیان ناکەن، ئەمەش واتای ئەوەیە ـ بەلای ئەوانەوە ـ مەترسیی ئیسلام لە رووی دانیشتووان و دیموگرافیاوە زیاد دەکات و قسەکردن لەبارەی ئەم مەترسییەوە لە فەرەنسا و ئەمریکا باسی گەرمە و هەندێ کەسی بەرپرسی حکومی و خاوەن دەسەڵاتی راگەیاند بەرچاو دەکەون، کە هەندێك جار لە دەزگاکانی راگەیاندن و هەندێکیش لە دانیشتنە تایبەتەکاندا قسە لەسەر ئەوە دەکەن دەگونجێت رۆژێك بێت ژمارەی موسوڵمانان لەو دوو وڵاتەدا لە ژمارەی مەسیحی و جووەکان زیاتر بێت.